# ئەمینداری گشتی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتوو) لە بارەگای خۆی لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی (عومەر ئیسماعیل) بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان پێشوازیان کرد لە (جۆن جانکیز) باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق و وەفدێکی هاوڕێی کە پێکهاتبوو لە خاتو (کاترینا) یاریدەدەری سەفیر و (جێرمی کادی) کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق و، (کاك سالار) یاریدەدەری سیاسی و رۆژنامەوانی کونسوڵیەی هەولێر. لە دیدارێکی دۆستانەدا هەردوولا تیشکیان خستە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سەر ساحەی عێراق و گرنگترین پێشهاتەکان و ئامادەکاریەکانی هەڵبژاردنەکەی (٣/٧)ی ئەمساڵ. هەروەها رۆڵی هێزە سیاسییەکان لە روبەڕووبوونەوەی بارودۆخەکان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر بۆ عێراق و هەرێم.

# ئەمینداری گشتی پێشوازی لە تیمی چاودێری هەڵبژاردنی یەکێتی ئەوروپی لە عێراق دەکات

بەرواری (٢٠١٠/٢/٤) بەڕێز مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە بارەگای خۆی لە شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی بەڕێز (بەشیر محەمەد) بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو پێشوازیان کرد لە تیمێکی نێردراوی چاودێری یەکێتی ئەورووپی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرپەرشتی بەڕێز (تۆماس سترەنگ) بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق لە تیمی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکان. شاندەکە بەگرنگییەوە باسیان لە هەڵبژاردنەکە کرد و ئارەزووی سەرکەوتنیان خواست بۆ ئەم پرۆسەیە کە بێگومان هەنگاوێکی گرنگە لە گۆڕانکاری دیموکراسی عێراق و هەرێمدا. لەلایەن خۆشیەوە ئەمینداری گشتی وێڕای سوپاسی یەکێتی ئەورووپا و کۆششی شاندەکە بۆ هاوکاری و گەشەپێدانی دیموکراسی لە عێراقدا تیشکی خێرای خستە سەر حاڵەتی سیاسی و ململانێی لیستەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئەگەرەکانی سەرکەوتن و گرفتەکانی، هەروەك هیوای خواست کە هاوڕێ لەگەڵ گروپە چاودێرە نێودەوڵەتیەکان و سەرجەم کەس و لایەنە چاودێر و سەرپەرشتیارەکان سەرکەوتووبن لە ئەرکەکەیاندا و، عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شاهیدی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی پاك و سەلامەت و سەرکەوتووبێ.

# سەنتەری گەشەپێدان کۆڕێك بۆ سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەران ساز دەکات

لەژێر ناوی رۆڵی کورد لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە (هۆڵی ئاشتی) قەزای شارەزوور ئۆفیسی شارەزووری سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێز دکتۆر (محەمەد ئەحمەد) سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی سازکرد. لە سەرەتای کۆڕەکەدا (دکتۆر محەمەد) باسی لە رۆڵی پەرلەمانتارانی کورد و بەتایبەت یەکگرتووی کرد لە پرسە نەتەوەیی و نشتمانییەکان و ئاماژەی بەوەدا کە وەك کوتلەی یەکگرتوو توانیمان ئەو پەیمان و بەڵێنانە ببەینە سەر کە بە خەڵك و جەماوەرەکەی خۆمان دابوومان و لە سەنگەری داکۆکی کردن لە مافە رەواکانی ئەم گەلە بین. وتیشی: هەموو کەس هەر لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماری عێراق و نوێنەرانی حیزب و حکومەت دانیان بەوەداناوە کە کوتلەی یەکگرتوو رۆڵی ئیجابییان بووە لە پرسە چارەنوسسازەکان و هاوهەڵوێست بوون لە سەرجەم کایەکان. ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێستا کورد جۆرێك لە کیانی بۆ دروست بووە و دەتوانین لەبەردەم ئەو پرسە نەتەوەییانە بووەستینەوە کە عێراق لە دژیان دەوەستێت و دەتوانین لەڕێی بەشداری کورد لە پێگە سیاسی و دامەزراوە عێراقیەکانەوە مامەڵە لەگەڵ وڵاتان و بەشداری جدیمان هەبێت لە زۆربەی پرسە تایبەتەکان. دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە بە گفتوگۆ و چەند موداخەلەیەك ئێوارە کۆڕەکە درێژەی کێشا و نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزبی و رێکخراوە مەدەنیەکانی سنوری قەزای شارەزوور و رۆژنامەنووسان و گەنجان و ئافرەتانی دەڤەرەکە بەشداری و ئامادەی بوون.

# دیندار نەجمان دۆسکی: سوپاس بۆخوا لە بادینان بە سەرفرازی و سەربڵندیەوە یەکگرتوو بەشێوەیەکی کاریگەر ئامادەیی هەیە..

لەبارەی کێشەکەی بادینانی ساڵی (٢٠٠٥) کە لە ساتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئەوکات یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەك داهێنەری فرە لیستی، بەجیا لیستی خۆی راگەیاند و بە سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد، هێرش کرایە سەر بارەگاکانی لە بادینان، سەبارەت بە دوا هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە روویاندا لە شەهیدکردنی چوار کادیر و ئەندامی یەکگرتوو و سوتاندن و بەتاڵانبردنی بارەگاکانی. (دیندار نەجمان دۆسکی) سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو بۆ سایتی یەکگرتوو ووتی: سەبارەت بەم کێشەیە وەك قەرەبووکردنەوەیەکی ماددی بۆ بارەگاکانی خۆمان رێکەوتین و لەرووی سیاسییەوە تا حەدێك لەگەڵ برادەرانی پارتی بەئەنجامێك گەیشتووین و بەکۆتا هاتووە، بەڵام هەندێکی ماوە، وەك مافی شەخسی ئەو برا شەهید و بریندارانە، ئەوە مافی تایبەتی تاکەکەسی خۆیانە و لە دادگا سکاڵایان نووسیوە و تا ئێستا ئەو بابەتە چارەسەر نەکراوە. (دیندار دۆسکی) وتی: بەڕاستی زۆر هەوڵیشمان داوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لە کابینەی پێنجەم، بۆ ئەوەی کە چارەسەری ئەو کێشەیەش بێتەکردن یان با دادگا لێکۆڵینەوەی خۆی بکات، چونکە رێگە بە دادگاش نادرێت لێکۆڵینەوە بکەن، یان بە رێگەی ئاشتیانە لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە خۆیان دانیشتن ئەنجام بدەن و هەوڵی ئەوە بدەن ئەو کێشەیە بەکۆتایی بێت.. وتیشی: ئێمە لە بادینان هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکی تۆڵەمان نییە، چونکە یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلاحی مەدەنی بێ میلیشیاین کە لە ئەساسدا بڕوامان پێی نییە، بوونی خۆمان سەلماند کە یەکگرتوو لە بادینان حزوری هەیە و رووداوە دڵتەزێنەکەی (٢٠٠٥) گوڕ و تینی زیاتری دایە یەکگرتوو و،سوپاس بۆخوا یەکگرتوو بەسەرفرازی و سەربڵندییەوە لە بادینان بەشێوەیەکی کاریگەر ئامادەیی هەیە و ئیشوکاری خۆی دەکات، ئێمە بە رێگای یاسایی و سیاسیش چارەسەری ئەو کێشەیە دەکەین نەك تۆڵەکردنەوە کە باوەڕمان پێی نییە.

# هیوا میرزا سابیر: پرۆژەی سیاسی یەکگرتوو پرۆژەیەکی نیشتمانیی زۆر پێویست و گرنگە بۆ کوردستان

بەئامادەبوونی بەڕێزان (هیوا میرزا سابیر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و (ئیبراهیم خەلیل) ئەندامی سەرکردایەتی و (ڕێبوار سەیدگول) بەرپرسی مەڵبەندی شەش و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکگرتوو لە سنوری کەرکوك چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا... ئەمەو لە کۆبوونەوەکاندا تیشك خرایە سەر نزیکبوونەوەی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و ئامادەسازی بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی ئەو پرۆسە سیاسییە گرنگەی کە سەرجەم عێراق دەگرێتەوە لە رۆژی (٢٠١٠/٣/٧). هەر لەو میانەشدا بەڕێز (هیوا میرزا سابیر) تیشکی خستە سەر گرنگیی سەروەری یاسا و پابەندبوون بەیاساوە لە کاتی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا و روونەدانی هیچ جۆرە خروقاتێك، هەروەها بایەخدان بە پرۆسەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سەرجەم نەتەوەکان لە شاری کەرکوك و بەتایبەتیش پاراستنی گیانی برایەتی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و رێگەگرتن لەهەر پێشێلکارییەك کە کاریگەی خراپی هەبێت بۆ سەر پێکەوەژیان و برایەتی لە شاری کەرکوك، هەروەها تیشکی خستە سەر هەڵوێستە نیشتمانییەکانی کوتلەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی بەغدا و درێژەدان بەو هەڵوێستانە لە ئیستا و لە ئایندەدا..
لە لایەکی تر باس لە شانزەهەمین ساڵیادی راگەیاندنی یەکگرتوو کرا و گرنگیدان بەو بۆنەیە کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠١٠/٢/٦) و پرۆژەی سیاسی یەکگرتوو کە پرۆژەیەکی نیشتمانی زۆر پێویست و گرنگە بۆ کوردستان و، درێژەدان بە رەوتی میانڕەوی و جەختکردنەوەی دروشمەکانی برایەتی و دادپەروەری و ئازادیەوە.

# بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو: بەهۆی بوونی ئیرادەی بەهێزی ساختەکاری، گومان هەیە لەو حەوت ملیۆن کارتە زیادەی کۆمسیۆن چاپی کردووە

سەرەڕای ئەوەی وا چاوەروان دەکرێت نزیکەی (١٩)ملیۆن هاوڵاتی عێراقی مافی بەشداریکردنیان هەبێت لە هەڵبژاردنی (٣/٧) ئەنجوومەنی نوێنەراندا، بەڵام سەرەڕای هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕیەکان لە رۆژی دەنگداندا، کۆمسیۆن نزیکەی حەوت ملیۆن کارتی زیادەی چاپ کردووە و ئەمەش بووەتە جێی گومانی زۆرێك لە لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات لە عێراق و کوردستان..
بەڕێز (بەشیر محەمەد) بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو لە میانەی لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە لەرووی هونەریەوە ئەو کارتە زیادانەی کۆمسیۆن گرفتێك دروست ناکات و کارێکی سروشتییە، بەڵام بەهۆی بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی ساختەکاری لەلایەن لیستەکانی دەسەڵاتەوە لە کوردستان و عێراق و ئەزموونی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەم رووەوە ئەم هەنگاوە بووەتە جێگای گومانمان. ناوبراو کە لە هەمان کاتدا نوێنەری لیستی یەکگرتووە لە کۆمسیۆنی باڵا، دووپاتی کردەوە کە پێویستە نوێنەرانی قەوارە سیاسییەکان بەووردی چاودێری بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ ئەوەی لە خراپ بەکارهێنانی ئاگاداربن، شایەنی باسە ئەو کارتانە بەسەر هەموو وێستگەکانی دەنگدان دابەش دەکرێن لە سەرتاسەری عێراقدا کە نزیکەی (٥٤)هەزار وێستگە هەیە.

# بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتوو و بەرپرسەکێ ئەمریکی دوپاتی ل بادەکا ئەمنی یا هەلبژارتنێت عیراقی بێت بهێت کرن

د دیدارەکێ دا (غازی سەعید) بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دگەل ستیڤن بارنیی بەرپرسێ بادەکا پارێزگەهێا دهوکێ یا تیما ئاڤەدانکرنا هەرێما کوردستانێ یا سەر ب بالیوزخانا ئەمریکی ل بەغدا بەحسێ پروسا هەلبژارتنێت بهێت بێت پەرلەمانێ عیراقێ کرن. روژا سێ شەمیی ٢٠١٠/٢/٢ێ غازی سەعید بەرپرسێ مەلبەندێ سێ ل بارەگایێ مەلبەندی پێشوازیا شاندەکێ تیما ئاڤەدانکرنا هەرێما کوردستانێ یا سەر ب بالیوزخانا ئەمریکی ل بەغدا کرن، بێت پێکهاتی ژ (ستیڤن بارنیی) بەرپرسێ بادەکا پارێزگەها دهوکێ و (مایك میوس) بەرپرسێ بادەکا پارێزگەها سلێمانییێ. د روینشتنەکێدا بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتوو گوت "ژ باوەریا مە ب کریارا دیموکراسی، ئەم وەك یەکگرتوو دوپاتییێ ل هەوەکا ساخلەم و ئیجابی بو هەلبژارتنان دکەین و پێگیریا خوە دیار دکەین ب رێنمایێت کومسیونێ" هەردوو ئالیان هیڤی خواست پروسە ب رەنگەکێ سەرکەفتی بریڤە بچیت و ئاسایش و ئارامیا دەڤەرێ بێتە پاراستن، ستیڤن بارنیی ئاماژەپێکر ل نك وان نەیا گرنگە کی ب سەرکەڤیت و پتر کورسیان بدەستڤەبینیت، یا گرنگ ئەڤ پروسە ب سەرکەفتی بهێتە ئەنجام دان و بارودوخێ ئەمنی یێ دەڤەرێ نەهێتە تێکدان، ژ لایێ خوڤە بەرپرسێ مەلبەندێ سێ دوپاتی ل هەمان بوچون کر و گوت \"یا گرنگ ل نك مە، ئەڤ پروسە بێ ساختەکاری بریڤەبچیت و ئارامیا دەڤەرێ نەهێتە تێکدان. ئەو بەرپرسێ ئەمریکی ئاماژەپێکر ئەمریکا و گەلەك دەولەتێت دی دێ چاڤدێریا ڤان هەلبژارتنان کەن و دیارکر ئەو دێ د هاریکار بن بو ب سەرئێخستنا ڤێ پروژێ. شاندێ ئەمریکی رولێ یەکگرتوو د ڤان پروسێت دیموکراسی دا ب ئیجابی ل قەلەم دا و هیڤی خواست ئێمناهی ل عیراقێ بەرقەرار بیت.

# تەواوکەری ... بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو....

دەستپێشخەرییەکی تری یەکگرتوو لە ساڵی رابردوودا بریتی بوو لە دیاریکردنی پاڵێوراوان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن رێکخستنەکانەوە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، کە خۆشبەختانە دەنگدانەوەیەکی ئیجابی و سەرنجڕاکێشی هەبوو لەناو جەماوەر و ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکەی هەرێمی کورستان و دەرەوەدا.
بەڕێزان ..
ئەمرۆکە یادی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکەینەوە هەموو لایەك سەرگەرمی خۆئامادەکردنین بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق، بۆیە لەم بۆنەیەدا داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و لایەنە دەسەڵاتدارەکان بەتایبەتی دەکەین، کە بە گیانی هەستکردن بە پەرسیارێتییەوە هەموو لایەك هەوڵ بدەین ئەم پرۆسە چارەنوسسازە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و دوور لە هەموو جۆرە توندوتیژی و ساختەکارییەك بەرێوەبچێت.. لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی بەشەرەفی عێراق بەگشتی و کورستان بەتایبەتی دەکەین، کە بە گەرموگوڕی بەشداری پرۆسەکە بکەن لەپێناو جێگیرکردنی باشتری بەها دیموکراسییەکان و چەسپاندنی مافەکان و بەهێزکردنی پێگەی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقی نوێ دا.
هەر لەم بۆنەیەدا سوپاس و دەستخۆشی خۆمان ئاراستەی سەرجەم مەکتەب و مەڵبەند و دەزگا ناوەندییەکانی حیزب و هەردوو کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و یەکەیەکەی خوشك و برایانمان لە ڕیزەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەکەین، کە لە قۆناغی رابردوودا بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و گیانی لەخۆبوردن و بەرپرسیارێتی ئیسلامی و نیشتمانییەوە ئەرك و چالاکیەکانیان ئەنجامداوە.
جارێکی تر هیوادارین لەم ساڵەی کە لەپێشمانە، بەتایبەتی لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا گەرموگوڕتر و لەخۆبوردووانەتر بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی ئیسلاحی و ئیسلامی و نیشتمانیمان لە هێنانەدی وڵاتێکی ئاوەدان و گەلێکی بەختەوەر و خۆشگوزەراندا..

شاد و سەرکەوتوو بن، خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت..

مەكتەبي سياسي يەكطرتووی ئیسلامیی کوردستان
٢٠١٠/٢/٦
هەولێر

# لە دەربەندیخان.. بۆچی کورد لە بەغدا کەیسەکانی دۆڕاند، ناونیشانی کۆڕێکی (عادل نوری) بوو

سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان - ئۆفیسی دەربەندیخان ئێوارە کۆڕێکی بۆ (عادل نوری) رێکخست بە ناونیشانی (بۆچی کورد لە بەغدا کەیسەکانی دۆڕاند) لەو کۆڕەدا ناوبراو وەك سەرەتایەك باسی شۆڕشەکانی کوردی کرد لە ساڵی (١٩٦٨) تا ئەمڕۆ ئەو ناهامەتیانەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە، دواتر باسی راگۆیزان و جینۆساید و ئەو هەموو خۆێنەی کورد کە رژاوە وەك پێویست کەسی خۆی نەبووە. (عادل نوری) وتی: پێویستە هاوڵاتی کورد بەرچاو رۆشن بێت لەو سازشانەی کە لەسەر کەیسە جۆراوجۆرە چارەنوس سازەکان دەکرێت..

# لە کفری، سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان کۆڕێك بۆ پارێزەر (بەکر حەمە سدیق) پارێزەری کەیسی هەڵەبجە سازکرد

(٢٠١٠/٢/١) سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان لە کفری ئێوارە کۆڕێك بۆ پارێزەر (بەکر حەمە سدیق) پارێزەری کەیسی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ساز کرد. کۆڕەکە بە ناونیشانی (کارەساتی هەڵەبجە لەنێوان تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) بوو کە تیایدا چەندین کەسی رۆشنبیری شارەکە بەشداربوون و توانییان لەسەر بابەتەکە گفتوگۆیەکی کراوە ئەنجام بدەن.